

# ڕۆمانێکی دیکەی سەلیم بەرەکات دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی نووسەری کوردی عەرەبینووس سەلیم بەرەکات بە ناوەی کەنیزەکەکانی شنگال (سبایا سنجار)، بۆ زمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی وەردەگێردرێت.

عەبدوڵلا شێخۆ وەرگێری بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات لە کاتی بەشداربوونی لە هەڵقەی یەکەمی بەرنامەی وێژەڤان لە ڕادیۆی ڕووداو، ڕایگەیاند کە سەرقاڵی وەرگێڕانی کەنیزەکەکانی شنگالە.

عەبدوڵلا شێخۆ گوتیشی: «هەرچەند وەرگێڕانی بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات زۆر زەحمەتە، بەڵام من چێژێکی زۆر لە وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە دەبینم. سەلیم بەرەکات خۆیشی زۆر دڵخۆش دەبێ کە بەرهەمەکانی بە زمانی کوردی بلاوبکرێنەوە.»

ڕۆمانی کەنیزەکەکانی شنگال بیست و سێیەمین ڕۆمانی سەلیم بەرەکاتە، عەرەبییەکەی لە ساڵی 2016 لە 445 لاپەڕەدا لەلایەن دەزگای عەرەبیی لێکۆڵینەوە و بلاوکردنەوە لە بەیروتی پایتەختی لوبنان چاپ و بلاوکراوەتەوە. تێیدا بەرەکات چیرۆکی پێنج کچی ئێزدی لە ڕەوتی کارەساتەکەی شنگالدا دەگێڕێتەوە کە لە ئەنجامی هێرشی چەکدارانی داعش لە ساڵی 2014 ڕوویدا.

عەبدوڵلا شێخۆ ساڵی 1987 لە شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە و لە ساڵی 2010 وە دەستی بە کاری وەرگێڕان کردووە و تا ئێستا حەوت کتێبی لە عەرەبییەوە بۆ کوردیی کرمانجی وەرگێڕاوە کە چواریان بەرهەمی سەلیم بەرەکاتن. ئەوانیش بریتین لە: ئەشکەوتەکانی هایدراهۆداهۆسی (2013) — مردووە ساکارەکان (2014)- دوو ژیاننامە (2014) و نێرگز (2017).

# ڕوانگە شەش کتێب چاپ دەکات

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

دەزگای ڕوانگە، لەڕێی پرۆژەی کتێبی ڕوانگەوە شەش کتێب بۆ چیرۆکنووسانی کوردستان چاپ دەکات.

دەزگاکە لە ئاگادارینامەیەکدا کە کۆپییەکی بۆ (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی نێردراوە، ئاگاداری نووسەران دەکاتەوە کە پێشبڕکێیەک ڕێکدەخات بۆ نووسینی کورتە چیرۆک بۆ منداڵان، بە تایبەتی منداڵانی تەمەن 8 تاوەکو 12 ساڵ. لە کۆتایی کێبڕکێیەکە 6 کورتە چیرۆک هەڵدەبژێردرێن و لەسەر ئەرکی دەزگای ڕوانگە چاپ دەکرێن.

هەر کورتە چیرۆکێکیش 1000 دانەی بە چاپی ڕەنگاوڕەنگ لێ چاپ دەکرێ.

بەپێی ئاگادارییەکە بابەتی چیرۆکەکان دەبێت لەسەر (ئومێد و ئایندە، کولتوور و مێژوو و کەلەپووری کوردستان، هەروەها تەکنەلۆژیا و ژیانی ڕۆژانە) بن.

مەرجەکانی پێشکەشکردنی کورتە چیرۆکەکان بریتین لە: "پێویستە چیرۆکەکان لە نێوان 2000- 3000 وشەدا بن. پێشتر بڵاونەکرابێتەوە. بە زمانی کوردی نووسرابێ.

پێویستە کورتە چیرۆکەکە بە فۆرماتی (پی دی ئێف) بنێردرێت و بە فۆنتی یونیکۆد نووسرابێ و قەبارەی فۆنتەکە 12 بێت و بۆ ئەو ئیمەیڵەی بنێرێ (book@rwanga.org)".

وەک لە ئاگادارینامەکەدا هاتووە دوا وادە بۆ وەرگرتنی چیرۆکەکان 10ی ئەیلولی 2018یە.

# (چاوەکانی) بۆ جاری سێزدەیەم چاپ دەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی "چاوەکانی" کە لە نووسینی ڕۆماننووسی فارس بوزورگ عەلەوییە و لەلایەن ئازاد بەرزنجییەوە کراوەتە کوردی، بۆ جاری سێزدەیەم چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

ئازاد بەرزنجی، وەرگێڕی ڕۆمانی چاوەکانی دەڵێت لە ساڵانی هەشتاکاندا ئەو ڕۆمانەی خوێندووەتەوە و شەش مانگێک بەر لە ڕاپەڕین کردوویەتی بە کوردی، بەڵام دەستنووسە کوردییەکەی فەوتاوە، بۆیە دووبارە وەریگێڕاوەتەوە و لە ساڵی 1999 بۆ یەکەمینجار چاپی کردووە.

ئازاد بەرزنجی باسی هۆکاری وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بۆ زمانی کوردی دەکات و دەڵێت: "لەو شتانەی هانی دام ئەو ڕۆمانە بکەمە کوردی، یەکەم: ڕۆمانەکە باس لە بارودۆخێک دەکات کە تێیدا دیکتاتۆری و ترساندن و تۆقاندن سایەی بەسەر هەموو کۆمەڵگای ئێراندا خستووە، منیش هەستم دەکرد زۆر نزیکە لەو بارودۆخەی ئەوسای خۆمانەوە. دووەم: باس لە خەباتی نهێنیی ئینسانێک (کە لە هەمان کاتدا هونەرمەندیشە) دەکات کە نەک هەر هونەرەکەی خۆی، بەڵکو هەموو ژیانی خۆیشی خستووەتە ریسکەوە لە پێناوی ئایدیایەکی باڵادا کە ئەویش تێکۆشانە بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگاکەی و ئینسانەکانی کۆمەڵگەکەی لە دەستی ستەم و سەرکوتکردن".

ئەم هەفتەیە چاپی سێزدەیەمی ڕۆمانی چاوەکانی بە تیراژی 3000 دانە دەگاتە کتێبفرۆشییەکان.

ئەو هۆکارانە چین کە وای کردووە ئەم ڕۆمانە خوێنەرێکی زۆری کورد بۆ خۆی رابکێشێ و 13 جار چاپ بکرێتەوە؟

بەرزنجی دەڵێت: "پێدەچێ ئەو مەسەلانەی ئەم ڕۆمانە خۆی لە قەرە داون: سیاسەت، عیشق، بەدحاڵیبوون لە عیشقدا، قوربانیدان، کارکردن بۆ هەندێ بەهای باڵا، ماناکانی نیشتمانپەروەری، هونەر و دەروەستی و هتد... هێشتا مەسەلەگەلێک بن کە جێی پرسیار بن لە کۆمەڵگای ئێمەدا. بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا ڕەنگە مەسەلەی "زمان"ی بەکارهاتوو لە ڕۆمانەکەدا یەکێکی دیکە بێت لەو مەسەلانە".




# ڕۆمانی (بەتشەبەع) بە کوردی بڵاودەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور



ڕۆمانی بەتشەبەع کە لە نووسینی نووسەری بەنێوبانگی سوێدی تۆرگنی لیندگرێنە، لەلایەن خەبات عارفەوە کراوەتە کوردی و سەرەتای ئەم هەفتەیە لەلایەن ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشەوە بڵاوکرایەوە.

نووسەر و وەرگێڕی کورد، خەبات عارف لەبارەی هۆکاری وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "هیچ هۆکارێک بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی بەتشەبەع-ی نووسەری بەنێوبانگی سوێدی؛ تۆرگنی لیندگرێن، نییە، لەوە زیاتر کە ڕۆمانەکە یەکێک لە جوانترین ئەو ڕۆمانانەیە- لە هەر ڕوویەکەوە لێی بڕوانیت- کە من تا ئێستا خوێندوومنەتەوە... لەبەر خۆشەویستیی تایبەتم بۆ ڕۆمانەکە و سەرلەبەری نووسینەکانی دیکەی لیندگرێن و لەوەیش زیاتر، لەبەر ئەوەی دەستم بەو ڕۆمانەی لەنێو سەرلەبەری ڕۆمانەکانی دیکەیدا خڕ بوو بۆ ئەوەی بە کوردی بکەم، ئەوەیانم هەڵبژارد و بە کوردیم کرد".

بێجگە لەو ڕۆمانە، خەبات عارف ڕۆمانێکی دیکەی ئەو نووسەرە سوێدییەشی بەناوی "یادەکان" وەرگێڕاوە کە ئەویش بەم نزیکانە چاپ دەکرێت.

سەبارەت بە نێوەڕۆکی ڕۆمانەکەش، خەبات عارف گوتی: "ڕۆمان کورت ناکرێتەوە و گوناهێکی گەورەیە باسی نێوەڕۆکی ڕۆمان بکرێت، منیش ئەو گوناهە گەورەیە ناخەمە ملی خۆم! دەبێت بخوێنرێتەوە و نێوەڕۆک و سەرلەبەری لایەنە پێکهێنەرەکانی دیکەی هەر ڕۆمانێک لای خوێنەرەکەی و لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت."

ڕۆمانی بەتشەبەع کە گێڕانەوەی چیرۆکێکی نێو کتێبی پیرۆزە، لە ساڵی 1984 بڵاوکراوەتەوە. "بەتشەبەع" ناوی یەکێک لە ژنەکانی حەزرەتی داوده. داودیش باوکی سلێمانە کە ناوی هەردووکیان لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە.



# هایکو
# لە ژاپۆنەوە بۆ کوردستان

ملکۆ ئەحمەد



مامۆستای رەخنەی ئەدەبی- زانکۆی گەرمیان

هایکو (Haiku) یان هائیکو: فۆرمێکە لە شیعری ژاپۆنی، وەک چەمک لە ساڵی 1892 لەلایەن شاعیر (ماساۆکا شیکی)یەوە ناونرا (هایکو)، سەرەتا پێیگوتراوە (هۆککو-hokku ) ئەمە وەک بەشێک لە دەستپێکی جۆرێکی تری شیعری ژاپۆنی جیابووەتەوە بەناوی (رینگا) کە لە ناوەڕۆکدا پەند و قسەی نەستەق لەخۆدەگرێ و، لە بنەڕەتدا بە یەک دێڕ نووسراوە و بە 17 بڕگەی دەنگی کە دابەش دەبێت بۆ (5-7-5) بڕگە، واتە: دێڕی یەکەم لە پێنج بڕگە پێکدێت، دێڕی دووەم لە حەوت بڕگە، دێڕی سێیەمیش پێنج بڕگە.

وشەی هایکو لە زمانی ژاپۆنیدا بەواتای (منداڵی خۆڵەمێش) دێت، لە سەرەتادا بۆ یاریکردن و خۆسەرقاڵکردن لە شێوەی (ئیپیگرام-Epigram) هاتووەتە کایەوە، دواتر گۆڕاوە بۆ ئەو جۆرە ئەدەبەی بیروبۆچوونی فەلسەفی و ستاتیکی سەپاندوویەتی و لەسەر دەستی (باسهو- )و هاوڕێکانی بەپێی بارودۆخی سۆسیۆفەرهەنگی دەستاوەدەستی کردووە.

هیندرسن دەڵێ: "شێوەی شیعری هایکوی ژاپۆنی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە کە خاوەن تایبەتمەندییەکە دەتوانێت سنووری نەتەوە و زمان ببەزێنێ، ئەوەش وا لەم فۆرمە شیعرە دەکات شیاو بێت بۆ داگیرکردنی شوێنێکی تایبەت بەخۆی لەنێو فۆرمەکانی دیکەی شیعری جیهانیدا".

ئەو بۆچوونەی هیندرسن بەکرداری هاتووەتە دی، بە تایبەت لە ئەدەبی ئینگلیزیدا هەر زوو هایکو جێی خۆی کردەوە و بوو بە هونەرێکی بەناوبانگ و خاوەن رێسای تایبەت بە خۆی و لەگەڵ زایەقەی ئینگلیزەکاندا یەکانگیر بوو. دیارترین ئەو شاعیرانەی هایکویان لە ئەدەبی ئینگلیزیدا چەسپاند (عەزرا پاوند) و (ئامی لوێل) بوون.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و لە دوای کرانەوەی ژاپۆن لەڕووی فەرهەنگییەوە بەڕووی وڵاتانی دنیادا، هایکو گەیشتە ئەوروپا و ئەمریکا و بەریتانیا، ئینگلیززمانەکان هایکویان کەرت کرد بۆ سێ دێڕ.

لە ژاپۆن چەندین قوتابخانەی شیعری هەبووە، دیارترینیان:

**- قوتابخانەی کلاسیک (موکی هایکو)**
**- قوتابخانەی نوێگەر (چینکو هایکو)**

قوتابخانەی "موکی هایکو" مەرجی قورسی داناوە بۆ (هایجن-هایکیست-هایکونووس)، لەوانە: (وەرزەوشە (کیگۆ)، کیرێجی، 17 بڕگە، هەنووکەیی، سینۆگرافیا) و چەند مەرجێکی دیکەش. ئەوانەی لەسەر مەرجەکانی ئەم قوتابخانەیە دەچن، پێیانوایە هەر دەقێک (وەرزەوشە)ی تێدا نەبێ، بە هایکو هەژمار ناکرێت، بەڵکوو دەبێتە (سینریو). بەڵام قوتابخانەی (چینکو هایکو) کە قوتابخانەیەکی نوێگەرە و چاوپۆشی لە هەندێک لە مەرجە کلاسیکەکانی هایکو دەکات، پێیوایە مرۆڤیش بەشێکە لە سروشت و ژینگە، بۆیە ئاساییە ئەگەر هایکونووس دەست ببات بۆ بابەتی مرۆیی و بەبێ ئەوەی باس لە وەرز بکات. یەکەم کاری ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کە خۆی رزگارکرد لە مەرجی 17 بڕگەیی. دواتر و لەلایەن ئەورووپییەکانەوە مەرجی (وەرزەوشە)ش لابرا. تەنانەت هەندێ شاعیری ئینگلیززمان بە دوو دێڕ یان چوار دێڕ هایکویان دەنووسی.

## جۆرەکانی هایکو:

(موکی هایکو)

1- هایکوی وەرزەکان (کیگۆ): ئەوەیە کە تێیدا ئاماژە بە وەرز یان کات دەکرێت، وەک هاوین، زستان و گوڵ. "کیگۆ"ش دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا:

ا) **کیگۆی راستەوخۆ:**

بەشەرمێکەوە-
جلەکانم وشک دەکاتەوە،
خۆری زستان!

ب) **کیگۆی ناڕاستەوخۆ:**

لە تەنافێکەوە بۆ تەنافێک،
نۆتە مۆسیقییەکان دەنووسێتەوە؛
پەڕەسێلکە!

لێرەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەڕەسێلکە ئاماژەیەکە بۆ وەرزی بەهار

2- **هایکوی ژیانی رۆژانە:** هەر کات ئاماژەی بە وەرزەکان نەکرد.

لە لوتکەدا-
ناتوانم لێکیان جیاکەمەوە،
ئاسمان و دەریا بوون بەیەک
....................

کیرو و کیرێجی (Kiru and Kireji): کیرێجی وەک وشەبڕ بەکاردێت و مەبەست لێی ئەو خاڵبەندیانەیە کە واتای رستەکان دیاری دەکات، هەروەک چۆن لە شیعری کلاسیکی رۆژئاواییدا (caesura) و لە سۆناتادا (Volta) هەیە بەپێی هەڵبژاردنی وشەی وشەبڕ و پێگەی لەناو دەقدا دادەنرێت، کیرێجیش ئەو رۆڵە دەبینێ و دەبێتە هۆی رێکخستن و گونجاندنی وشەکان لە رستەکاندا یان رستەکان لە دەقەکاندا، وەک بڕینی رێڕەوی بیرۆکەیەک بۆ ماوەیەکی کورت، یان تەواوکردنی رستەیەک بەکۆتاییەکی واتابەخش، کیرێجی لە رووی پەیکەرەوە دەبێتە پاڵپشتی هایکو لەوەی لە ناوەڕۆک و کۆنتێکستدا سەربەخۆ بێ و لە رینگا و فۆرمەکانی تر جیابکرێتەوە، جگە لە زمانی ژاپۆنی کە وشەی (ya) وەک کیرێجی (بۆر) بەکاردەبات بۆ دیاریکردن و لێکجیاکردنەوەی رستەکان، لە نووسینی هایکودا کیرێجی ژاپۆنی بەکارنابرێ، بەڵکو لەجیاتی ئەو، خاڵبەندیی مۆدێرن بەکاردەبرێ بۆ درووستکردنی پەیوەندیی واتایی بۆ ئەوەی خوێنەر وا لێبکات بیر لە پەیوەندیی نێوان هەردوو بەشی پچڕاو یان لێکجیاکراو بکاتەوە.

دەتوانرێت لە هۆنراوەی هایکودا بۆر (،) یان تەقەڵ (-) یان بۆری خاڵدار (؛) بەکاربرێت، زۆرجار لە کۆتایی دێڕی یەکەم یان دووەمدا دادەنرێت، بۆر (،) ساتێک رامانە، دواتر تەواوکردنی هایکوەکەیە، نموونە:

**لەسەر گردە دوورەکەوە،**
**ئەستێرەکان پەرش و بڵاو دەبن-**
**گوندەکەم!**

نە لای ئەورووپییەکان و نە لای فارسەکانیش، کەسیان لەسەر قوتابخانەی (موکی هایکو ناچن)، من پێموایە ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێکە، لەوانە: سرووشتی زمانەکان جیان، لە زمانی ژاپۆنیدا سێ جۆر دابەشبوون هەیە سەبارەت بە دەنگ و بڕگە (کانا- ئۆن- بڕگە)، بۆ نموونە وشەی (شو) کە لە دوو کانا پێکدێت، هەندێ جار لەبەر پێویستیی شیعری بە یەک دەنگ هەژمار دەکرێت، یان وشەی (ya) لە هایکوی ژاپۆنیدا، هەرگیز نابێ لە کاتی وەرگێڕانیدا بۆ سەر زمانێکی تر وەربگێڕدرێت، چونکە لە ژاپۆنیدا تەنها وەک ناوبڕێک بەکاردێت نەک وەک وشەیەکی واتادار. لە ئەمڕۆشدا، کە زۆربەی گەلانی دنیا هایکو دەناسن و دەینووسنەوە، نەک هەر لەنەخشەی مەرجە کلاسیکەکانی هایکو دەرچوون، بگرە لە مەرجەکانی قوتابخانەی "چینکو هایکو"ش دەرچوون و هەر میللەتێک دەیەوێ بۆخۆی (بینەتەوێنێ) ئێمەی کوردیش دەمانەوێ وەک ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە بیکوردێنین، چونکە فارس فارساندوویەتی و عەرەبیش عەرەباندوویەتی.

## خەسڵەتەکانی هایکو

1- هەنووکەیی (ساتەکی) سەرەکیترین خەسڵەتی هایکوە کە دەبێ سات بەسات وێنای ئەو دیمەنە بکا کە کەوتووەتە بەر دیدی شاعیر و بەجۆرێک لە جۆرەکان وروژاندوویەتی، ئەوەش لە سینۆگرافیایەکی چڕ و هەمەڕەگەزدا.

2- کورتبڕی: هایکو خۆی دەقێکی کورتە و لە یەک دێڕی 17 بڕگەیی پێکدێت کە دابەشکراوە بەسەر سێ دێڕدا لە زمانە ناژاپۆنیەکاندا، واتە: هەر هیچ نەبێ بەئەندازەی 17 بڕگەی دەنگی بێ یان تۆزێ زیاتر، ئەگینا لە تەکنیکی شیبۆمی دەردەچێ.

3- **رستەی ناتەواو:** واتە: رستەی ناتەواو لەخۆبگرێ بەچەشنێک وا لەخوێنەر و وەرگر بکات بەدوای تەواوکردنی واتاکاندا بگەڕێ؛ هەروەک چۆن ژیان نهێنیە شاراوەکانی خۆی دەرناخات، هەرچەندە لە زمانی کوردیدا رستەی ناویمان نییە، چون هەر رستەیەکیش کارەکەی وەدەرنەکەوێ، ئەوا بێگومان کارێکی بێهێزی تێدایە، بەڵام دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی فرمان و کار دەقی هایکو جوانتر دەکا، بەتایبەت کاری رابردوو کە خەسڵەتی هەنووکەیی لەدەست دەدا، چون هایکو لەدایکبووی ئەو ساتەیە کە هایکونووس دیمەنەکەی بەرچاو دەکەوێ و وێنای دەکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر کاری رابردووی لەخۆگرت، ئەوا دەبێتە گێڕانەوەی مێژوو و وەسفی دیمەنەکە لاواز دەبێ.

4- **بەکارهێنانی هەستەکان:** هەر پێنج هەستەکەی مرۆڤ لە هایکودا دەبنە درکپێکەری ماددی لە واقیعێکی فیزیکیدا؛ نەک وەک دەرهێنراوێکی ئەقڵی. زۆرجار لەدەقی هایکودا دوو تا سێ هەست بەکاردێت بۆ توندوتۆڵکردنی گوزارشتەکە، جاری واش هەیە هەر پێنج هەستەکە لە یەک دەقدا بەکاردەهێنرێن، لەوانەیە هایکوەکە لەبۆنی گوڵێکەوە دیمەنەکە بگوازێتەوە بە بەرکەوتنی مێشەهەنگێک لەوێشەوە بە تامی هەنگوین یان بیستنی گیزەی مێرووەیەک ... و هتد.

5- **تەنز:** هەندێ جار سەختیی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات بەتەنزەوە بڕواننە ژینگە و رووداوەکانی دەوروبەریان، چونکە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی رێگەیەکە بۆ پاککردنەوەی وەرگر لە هەندێ جەنجاڵی و شتە بێزارکەرەکانی ژیان.

6- هایکوی کلاسیک بەشێوەیەکی گشتی لەدەوری وەرزەکان دەخولایەوە و بەمیتافۆرێکی قووڵ وێنای ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانی دەکرد، بەڵام هایکوی نوێ، لەو چەقبەستووییە خۆی دەرباز دەکات و بە میتافۆر و مەجاز و لێکچواندنی ئەفراندناویی نوێ دیمەنەکە دەخاتە پێش چاوی خوێنەر یان وەرگر و، بۆ ئەوەی لەو ستایلە کۆنکریتییەش دەرچن، پشتیان بە رەهەندی سوریالی یان سیمبۆلی یان ئەبستراکتی بەست.

هایکو چ وەک زاراوە و چ وەک تێگە، زۆر درەنگ هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، شاعیر و ئەدیب ( لەتیف هەڵمەت) یەکەم کەس بووە وشەی هایکوی هێناوەتە ناو جوگرافیای وێژەی کوردییەوە. ساڵی 1982 لە ژمارە دووی گۆڤاری (الپقافە الاجنبیە) دا وتارێکی نووسەری عەرەب کازم سەعدەدین لەژێر ناونیشانی (شیعری نوێی ژاپۆنی) بڵاوکراوەتەوە و لەتیف هەڵمەت لەهەمان ساڵدا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری (بەیان) دا بڵاوکراوەتەوە، لەو وتارەدا پانزە دەقی هایکو و تانکا و سینریو خراونەتە روو.

لە کۆتایی نەوەدەکاندا تاکوتەرا لە گۆڤارەکاندا ئاماژە هەبووە بەناوی هایکو، لە گۆڤاری گەلاوێژدا هەندێ بابەت لە ژێر ناوی شیعری هایکو لەلایەن شاعیرانی کوردەوە بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی 2005 وەرگێڕێک بەناوی (جەبار سابیر) لە دووتوێی کتێبێکدا چەند دەقێکی هایکوی ژاپۆنی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام یەکەم شاعیر کە هایکوەکانی خۆی لە دووتوێی دیوانێکدا بڵاوکردبێتەوە شاعیر (قوبادی جەلیزادە)یە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا ئەو دەقانە بەنیازی هایکو و لەسەر فۆرم و تەکنیکی هایکو نەنووسراون، دواتر لە ساڵی 2017 ئێمە وەک شاعیر و نووسەر و ئەکادیمی لە بواری رەخنەی ئەدەبیدا، هەستاین بەدامەزراندنی یانەیەکی ئەدەبی بەناوی (یانەی هایکوی کورد)، یەکەمین هەنگاویشمان دانانی پەیجێک بوو کە رۆژانە دەقی هایکو و وتاری فێرکاری و شیکاری رەخنەیی تێدا بڵاودەکرێتەوە. ئێستا خاوەنی گۆڤارێکی ئەدەبین بەناوی (گۆڤاری هایکیست) کە تیایدا دەقی هایکوی زیاتر لە 20 هایکونووسی بەتوانای تێدایە و سەرجەمیان ئەندامی یانەکەن.



**سەرچاوەکان:**

- تاریخ الهایکو الیاباني، ریو یوتسویا، ترجمة: سعید بوکرامي
- مقدمة نقدیة في قصیدة الهایکو الیابانیة، جمال الجزیري
- شعر الهایکو الیاباني وامکانیاته في اللغات الأخرى، حمدي حمید الدوري

# هایکۆ و وێژەی کوردی

## (شەویار گولابی ئازەر وەک نموونە)

مێژووی هۆنینەوەی هایکۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شانزدەی زایینی لە ژاپۆن کە بە شێوەی پێنج دێڕی بە ناوی "ڕێنکۆ" یان "ڕێنکا"، کە زۆرتر بنەمای تەنزیان پێوە دیار بووە، خۆی بە دنیای وێژەی ئەو کاتی ژاپۆن ناساندووە. دواتر لە حاڵەتی تەنز و دەربڕینی ئاسایی دوور کەوتووەتەوە و بەرەو ڕوانینێکی قووڵتر و فۆرمی دیاریکراو (سن ریۆ) چووە و پاشان لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەلایەن "ماتسوئۆ باشۆ"وە ناوی هایکۆی وەرگرتووە.

هایکۆ کورتترین شیعری وڵاتی ژاپۆنە کە لە سێ دێڕ و حەڤدە "مۆرا" یا "ئۆن" لە زمانی ژاپۆنی پێکدێت. پاشان لقوپۆ دەردەکا و پەل بۆ وڵاتانی ئینگلیس و سکەندناڤی دەهاوێ. لە ئێرانیش بەشێوەی نووسراو لەلایەن (ع. پاشایی) و (شاملۆ)وە، هایکۆ بە وێژەی فارسی دەناسێندرێ و مۆرا بە "هێجا" (برگە) واتا دەکرێتەوە و لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت لە کتێبەشیعری (با "با" چیتر نەتانخووسێنێ) لە نووسینی شەویار گولابی ئازەر، بە "کێشی پەنجە یان بڕگە" بۆی دەچێت.

زۆربەی "سن ریۆ" و هایکۆکان خاوەنی "کی گۆ" یان "وەرزەوشە"ی تایبەتن کە لە "سن ریۆ"دا، وەرزەوشە یاخود وشە کلیلییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر ڕۆڵی کارایان هەیە و لە هایکۆشدا وەرزەوشەی وەرزەکانی ساڵ و سروشت بۆ وێنە بەهار، زستان، باران، بەفر، چەتر، خونچە...

شاعیری هایکۆکار دەبێ بە تەواوی لەگەڵ دەروونناسی و هەرێمی فەرهەنگیی ژاپۆنی و هەروەها واتای زێن بەتەواوی ئاشنا بێت.

هایکۆ خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە بۆ وێنە:

- "شی بوومی" بەمانای وەرزشێکە کە نیشاندەری بەهێزتربوونی لاوازەکان لە بەتواناکانە.
- "ئەوەرێ یان ئاوارە" یان "aware" کە بە واتای ڕەنگدانەوەی ڕابردووە و هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەوەی وا پێشتر خۆشەویست بووە، یانی ئەو ساتە قەیرانییەی نێوان ڕوانین و بێدەوامی و ناسەقامگیریی جیهان.
- گیانخۆشەویستی یان "ئانیمیسم" واتە گرینگیدان بە ژیان و هەموو شتێک هەر بەو جۆرەی کە هەیە.
- "شیۆری" کە بەمانای جۆرێک هەڵخەڵەتاندنی هەستبزوێنە بە شێوەی شیعر نەک لە ناوەڕۆکی شیعردا و یەکێکی دیکەش "هوسومی"یە کە مەبەست لەویش بەیانکردنی زۆر ناسکی سروشتییە.

هەروەها "کیرەجی" کە بە واتای دابڕان و وەستانێکی کاتی لە زمان و داڕشتندا بەرچاو دەکەوێ. زۆرجار ئەو وەستانە کورت و واتادارە لە دێڕی دووەم یان کۆتاییدا دێت و بە کورتە هێڵی مەودا (-) هەبوون یان نەبوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و هەندێ جار ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دێڕی پێش یان دوای خۆی پێکدێنێ و ئیماژ یان وێنە هایکۆییەکە تەواو دەکات. ئەگەر ئەم وەستانە کورتە مانادارە وێنەییە (کیرەجی) لە سەرەتاوە بێت، بە هێمای ویرگول یان فاریزە (،) دێتە دوای دێڕی یەکەم و لە دوو دێڕی دوای خۆیدا، ئیتر هیچ کورتە وەستانێکی دیکە نایەت.

لەڕووی داڕشتنەوە "سن ریۆ" جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هایکۆ نییە و تاکە جیاوازیی "سن ریۆ" لەگەڵ هایکۆ ئەوەیە کە جیا لە ئاوێتەبوون لەگەڵ سروشت، بە هەندێ وشەی کلیلیی تایبەت، تێکەڵ بە ڕەوشی تایبەت و زاڵی کۆمەڵگە دەبێ.

> **شاعیری هایکۆکار دەبێ بە تەواوی لەگەڵ دەروونناسی و هەرێمی فەرهەنگیی ژاپۆنی و هەروەها واتای زێن بەتەواوی ئاشنا بێت**

هەندێ جار بە زمانێکی تەنز، سوننەت و نەریت و قەیرانەکانی سەردەمی کۆمەڵگە چەواشە دەکات و هەوڵ دەدات بە یارمەتیی تەوس و تەشەر و تەنزی تاڵ و شیرین، کێشە و ناکۆکی و لایەنەکانی کۆمەڵگە و ژینگەی مرۆڤ، وێنا بکات و ڕاچڵەکاندن و شۆکێک بێت بۆ مرۆڤ.

وێژەی کوردی بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی، لە دوای سەردەمی نوێبوونەوە و نوێخوازی، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەم، بەردەوام لە تاقیکردنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی دنیای وێژە و ئەدەبدا بووە؛ هەر بەم پێیە شەویار گولابی ئازەر، لە ساڵی 1386ی هەتاوی (2007) لە گۆڤاری مەهابادا، بە هێنانەئارای هایکۆ بۆ نێو ئەدەب و وێژەی کوردی، سەرنجی گشتی دەخاتە سەر توانایی و چەمەوازی زمانی کوردی تا جیهانێکی بەرفراوان و نوێتر لە دنیای مەعریفی و ئەندێشەیی ئەدەبی کوردی دەستەبەر بکات.

ماوەی دە ساڵێکە هایکۆ بەشێوەی جیددی هاتووەتە ناو دنیای ئەدەب و وێژەی کوردی. ساڵی 2007 لەلایەن بوشرا کەسنەزانی لێکۆڵینەوەیەک لەژێرناوی "پۆستەرە شیعر و هایکۆی ژاپۆنی" دێتە دەر کە هەڵسەنگاندنێک لەناو کورتە شیعر و پۆستەرەشیعری کوردی دەکا و هەندێ لە کورتەشیعرەکانی قوباد جەلیزادە بەپێی ئەم بەراوردکارییە دەخاتە ناو خانەی هایکۆ و هەندێ زانیاری لەسەر هایکۆی ژاپۆنی دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی کورد.

بەگشتی سروشتی کوردستان و ڕەوتی ژیان لە لایەک و "وەرزەوشە"ی هایکۆ لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەویار لە دوو شێوازی سن ریۆ و هایکۆ، لە زمانی کوردیدا کەڵک وەربگرێ بۆ دەربڕین و داڕشتنی سەرلەنوێتر و مۆدێرنانەتری بیر و هزری تایبەت لەم شێوازە شیعرییەدا. هۆگریی شەویار بۆ وەرزی سەوزی بەهار و جوانی و سروشتی کوردستان، وای لێدەکات بە ئاوێتەبوون لەگەڵ هایکۆ و سروشت، بێتە گۆڕەپانی هۆنینەوەی هایکۆ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ئەم شێوازە شیعرییە زیاتر پەرە پێبدات. بۆ وێنە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتدا پێشوازییەکی بەرچاو لەم شێوازە دەکرێ و شاعیرانێکی وەک سمایل عەزەمی و عەتا وەلەدی و... لە لایەنگران و هایکۆنووسانی کوردن.

### شەویار گولابی ئازەر


- لە دایکبووی ساڵی 1355 ی هەتاوی، دانیشتووی شاری مەهابادە.
- ئەندامی ئەنجوومەن ئەدەبیی مەهاباد و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەرهەم و ئەندامی ئەنجوومەنی حامیی تارانە لە بەشی دامەزراندنی کتێبخانەی دێهاتەکانی ناوچەدا.
- ڕۆڵی کارای هەبووە لە ناساندنی مەهاباد بۆ بەدەستهێنانی پلەی شاری داهێنەر لە بواری پەرەپێدانی کتێب و کتێبخوێندنەوە لە چوارەمین فێستیڤاڵی پایەتەختی کتێبی ئێراندا.
- بۆ چوار خول ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی و بەڕێوەبەری ئەنجوومەن ئەدەبیی مەهاباد بووە (2017 - 2006).
- بەڕێوەبەری دوو شەوە شیعری ناوچەیی مەهاباد بووە (2014 و 2016).
- بەڕێوەبەر و سکرتێری جێبەجێکاری یەکەمین کۆڕی ناوچەیی (زانستی ئەدەبی)ی مامۆستا هێمن بووە. (2016)
- ڕۆڵی کارای هەبووە لە چەندین خولی پێشانگای جۆربەجۆری کەلەپوور و کلتووری کوردیدا.
- خاوەنی پەرتووکەشیعری هایکۆیە لە ژێر ناوی (با "با" چیتر نەتانخووسێنێ) ساڵی 2008 چاپ و بڵاو بووەتەوە و ساڵی 2014 ئەم کتێبەی لە پێشانگای هەولێر نمایش دەکرێت و لە هەمان ساڵدا لەلایەن نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا موحتەرەم محەممەد بە ناونیشانی (من الشعر الكوردی الحديث هايكو ، للشاعره شويار كولابی ئازر) وەردەگێڕدرێت بۆ سەر زمانی عەرەبی و بۆ یەکەمجار وێژەی عەرەب لەگەڵ شێوازی هایکۆ ئاشنا دەکات.

دواتر لە 3ی ئاداری 2015 هەر لەلایەن هەمان وەرگێڕەوە 12 هایکۆی شەویار لە ڕۆژنامەیەکی عەرەبی زماندا بە نێوی "النباء" لە ژمارە 539 ل 5 دا بڵاو دەکرێتەوە و کتێبی ناوبراو دەگاتە 88 ەهەمین پیشانگەی نێودەوڵەتیی میسر و لەوێ پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێ و لە هەندێ لە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و گۆڤاری ئەو وڵاتەدا بڵاو دەکرێتەوە؛ بۆ وێنە لە مانگنامەی پنار PI-NAR ل 37 - 36.

شەویار بە دوو شێوازی هایکۆ و "سن ریۆ" و هەروەها کورتە شیعر، دەنووسێ و لە وتار و وەرگێڕانیشدا دەستێکی هەیە و کتێبی شانۆی "ماڵ لە کۆڵ" نووسینی حوسێن فەزلوڵڵاهیی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و براوەی خەڵاتی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی سقز بووە و ئێستا لە ژێر چاپدایە.

کتێبی کورتەشیعرەکانیشی ئێستا ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوەیە. لە چەندین فێستیڤاڵ و شەوەشیعر لە ناوخۆ و دەرەوە خەڵاتی بەدەست هێناوە، بۆ وێنە خەڵاتی دووهەمین فێستیڤاڵی شیعری مەولەوی و خەڵاتی تانجەرۆ و خەڵاتی فێستیڤاڵی هەڵبەستی لاوان.

▸ **قاسم تاباک**



### چەند نموونە لە هایکۆکانی شەویار گولابیئازەر

...

**جێ مابوو**
**نەخشی مانگ لەسەر ڕووبەری تەون**
**کیژی کورد**

...

**نە ئازادی دادەکوتێ**
**نە دیموکراسی کراسی بەرت دادەدڕێ -**
**کیژی کەرکیت بە دەست**

...

**یار لە کێڵگە**
**یادت گوڵباران دەکا**
**باران ئاوس بە بریسک**

...

**پەردە بەسەر خۆی دادەکێشێ**
**خۆی هەڵخستووە بەر باران -**
**گوڵ ئەستێرە**

...

**تینووی تەڕبوونە**
**پەپوولەپاییزەی سەر سینگ**
**ماڵکاوڵ**

...

**ناتوانێ ئامێز بە ئاسمان داگرێ**
**پێخەف دەخاتە سەر**
**- گوڵوەنی -**

...

**سەری خستۆتە سەر مەمک -**
**دەستەکانی بە ئاسمانەوە ڕایەڵ**
**هەتاو**

...

**حەزی لە ڕسکانی**
**سەر بە خۆ ییە**
**ئەهریمەنکردارە شەو**
**خۆر ڕەشپۆش**

...

**لە کەلاوەکانی شەڕ**
**مانگەشەو بانگ دەکا**
**خۆری لەعنەتی**

...

**سەفەر دەکا بە بیرەوەرییەکان**
**خۆر ڕەنگ ناکاتەوە**
**سوورە گوڵ**

...

**لەم وێرانەدا**
**پشیلەش فێری گۆشتی مرۆڤ بوو**
**منداڵ چەنگ دادەگرێ**

...

**تەڕ دەخووسێ لە ژێر باران**
**بخزییە بن باڵەکان**
**- گەلاوێژ -**

...

**قژەکانی سپاردە دەستی با**
**مانگ سێبەری چڵەداری شکاند**
**کۆڵوانە لە شان**

...

**لە ڕێبەنداندا ڕنوو دەتوێنێتەوە**
**نیگای چاوەکان**
**جامانە سوور**

...

**سەهۆڵبەندانی زستانم پێ لەبەر دەکا**
**من بە یادی کراسێک پڕەکەم لە گوڵبەهار**
**ڕێگا شەختەبەندان**

...

**بەسەر قامکەوە تار ناژەنێ**
**خوێن لە داوێن دەچۆڕێ**
**گوڵەباخ**

...

**ئێمە سەردەمێکە وشە دەخۆین**
**ئەو نوختە دەخاتە سەر دێڕ**

> **هۆگریی شەویار بۆ وەرزی سەوزی بەهار و جوانی و سروشتی کوردستان، وای لێدەکات بە ئاوێتەبوون لەگەڵ هایکۆ و سروشت، بێتە گۆڕەپانی هۆنینەوەی هایکۆ**

**کراس ڕەش**

...

**سەمای گەڵای بیر چۆوە**
**کفنی مەیتەکان دەدروێ**
**چڵە زەیتوون**

...

**بە چنارەکەی لێوار ڕووبارەوە ڕادەوەشێ**
**لەچکەیەکی سوور**
**گڕی بای حەسەن**

...

**شۆڕش تەقەی نایا**
**دایک پەراوێز**
**شەقام فشەی دێ**

...

**بۆنی هەنار**
**ژێرەوان**
**بەر لە تۆ منداڵێ گەڵای جووت**

...

**ئەو لە شاردا ئاڵۆزە پێم**
**من لە شاخدا جاڕز**
**گوولـلە لە خەشاب**

...

**پاسەوانێک لە نێوچاوانمدا**
**هێلانە دەکا**
**منداڵێکی ساوا لە پەیکەرتدا نوێژ**

...



# کافکایسك

**◄ محەممەد حەجۆ**

**چیرۆکنووسێکی سووریی نیشتەجێی ئەڵمانیایە**

**◄ وەرگێرانی: سەنگەر زراری**

چیرۆک

له خەو رابووم، چالاک و پڕ وزە بووم، تەماشای کاتژمێری سەر دیوارەکەم کرد هێشتا کاتی دەوام نەهاتووە، نانی بەیانیم خوارد. لەسەر مێزەکە تەماشای ئەو پسوولانەی پارەدانم کرد کە لەسەریەک کەڵەکە ببوون، پێدەچێ ئەمساڵیش نەتوانم لە پشووی سەری ساڵدا گەشت بکەم. دیسان تەماشای کاتژمێرەکەم کردەوە، هێشتا زووە، ویستم بخەومەوە، بەڵام خەوم لێ نەکەوتەوە.

قۆڵم لێ هەڵماڵی بەدوای شتێکدا بگەڕێم کە ئەوەندە کاتەی پێ پڕبکەمەوە، پاشان شتێکم بە خەیاڵدا هات: خوێندنەوە!

تەکانێکم بەخۆمدا بچم کتێبێک بێنم، پاش چەند خولەکێک پرسیارێک مێشکی داگیرکردم: چی بخوێنمەوە؟ لە نێو ئەو هەموو ئەدەبیاتە پەرشوبڵاوەی ژووری کتێبخانەکە، کە جاڵجاڵۆکە تەونی تێدا کردووە، چی هەڵبژێرم؟!

زار! بیرۆکەی زارهەڵدانم بە مێشکدا هات، ئەمەش بەو شێوەیەی کە هەر ژمارەیەکی زارەکە بۆ پێنج پیتی ئەلفبێی عەرەبی دابنێم و ژمارە شەشیش سێ پیتی بۆ دەمێنێتەوە. ئینجا زارەکە هەڵدەدەم و یەکێک لەو کۆمەڵە پێنج پیتییە هەڵدەبژێرم، پاشان سەرلەنوێ زارەکە هەڵدەدەمەوە، ئەمجارە هەر ژمارەیەکی زارەکە لە پێنج ژمارەی یەکەم، یەکێک لە پێنج پیتەکە دەگرێتەوە، ئەگەر شەشیش دەرچوو، دووبارە زارەکە هەڵدەدەمەوە. لە ئەنجامی ئەم بیرۆکە شێتانەیەشدا، هەر پیتێک دەرچوو، ئەوە دەبێتە پیتی یەکەمی ناوی ئەو نووسەرەی دەمەوێ کتێبەکەی بخوێنمەوە.

زارەکەم هێنا و بەخێرایی هەڵم دا، ژمارە پێنجم بۆ دەرچوو، ئەم ژمارەیە زۆر جوانە، مانا رەمزییەکەشی دەگمەنە: پێنج هەستەکە، پێنج پەنجە، پێنج نوێژ و...

ئێستا، دوای ئەوەی پیتەکە لە نێوان (ق) و (ن)دا یەکلایی بووەوە، هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵمژی، چونکە خولقی ئەوەم نەبوو بۆ نموونە نووسەرێکی وەکو هەمەنگوای هەڵبژێرم.

تەماشای زارەکەم کرد، وەکو ئەوەی هانی بدەم ژمارە شەش هەڵنەبژێرێ، بۆ ئەوەی ناچار نەبم دیسان زارەکە هەڵدەمەوە و کاتی زیاترم بەفیڕۆ بچێت، فووێکم لێی کرد، بە چپە تێمگەیاند کە ئەگەر گوێ لە هۆشدارییەکەم نەگرێ، سزای دەدەم، هەڵمدا و بەنائارامی چاوەڕێم کرد تا لە خولانەوە بوەستێ، دوای تاوێک راوەستا و ژمارە دووی خستە سەر روو، بەئاسوودەیی هەناسەم دا، کەواتە قەدەر پیتی (ک)ی هەڵبژارد.

ڕووەو کتێبخانەکە چووم و بەپەلە بەدوای پیتی کافدا گەڕام، گەیشتمە پیتی کاف، دڵم خورپەی دەکرد، دەبێ قەدەر تووشی چ نووسەرێکم بکات.

"ئەمە چییە!" سەرم سوڕما کە لە کتێبخانەکەمدا یەک کتێبم نەدیتەوە نازناوی نووسەرەکەی بە کاف دەستپێبکات! بەنەفرەت بێ! ئەمجارە گوتم ئەگەر ناوەکەشی نەبێ، ناوی نووسەرەکەی بە کاف دەستپێبکات ئاساییە. دیسان ئەویش نەبوو.

چوومە باڵەکۆنی خانووەکە کە بەسەر یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی شاریدا دەڕوانی، بۆ ئەوەی تۆزێک مێشکم ئاسوودە بێ. بیرم کردەوە: بۆ نەچمە ئەو کتێبخانەیەی چەند مەترێک لێرەوە دوورە؟!

گەیشتمە کتێبخانەکە، بەتوندی پاڵم بە دەرگاکەیەوە نا، تەماشایەکی ژوورەوەم کرد و بە چاو بەدوای خاوەنەکەیدا گەڕام، سەرەتا منی نەدیت، بەڵام دواتر لەبەردەممدا راوەستا و راچڵەکی، هۆیێکی لەخۆی زانی و دەنگێکی لێوە هات، من بە دەنگێکی هێمن لێم پرسی: "هیچ رۆمانێکتان هەیە نازناوی نووسەرەکەی بە پیتی کاف دەستپێبکات؟!".

چەند ساتۆکەیەکی مێژوویی بەزەحمەت تێپەڕی، بەرلەوەی چاوی بتروکێنێ، دەموچاوی لە تووڕەییەوە گۆڕا بۆ واقوڕمان، بە زمانێکی تووندتر پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، دەنگێکی ناسکی لێوە هات، کە لەگەڵ دەموچاوە تووڕەکەی نەدەگونجا:

* "هیچ نووسەرێکی دیاریکراو هەیە بەدوایدا بگەڕێی؟"

- "دەمەوێ تۆ رێنماییم بکەی، هیچ کتێبێکی فیکری یان فەلسەفە، یان چیرۆکێک کە ئەمانە هەردووک لەخۆ بگرێ هەن و نازناوی نووسەرکەی بە پیتی (ک) دەستپێبکات؟!".

تۆزێک بێدەنگ بووم، پاشان بە پێداگرییەکی زیاترەوە گوتم: "بێزەحمەت تۆزێک بەپەلەم، کاتم زۆر رۆیی".

ساتێک وەستا، هەندێک دەموچاوی گەشایەوە، ئینجا گوتی: "ڕۆمانێکت دەدەمێ بە ناونیشانی دادگا، کە هی فرانز کافکای نووسەری ناوداری چیکییە". بە سەرلەقاندن ئاماژەی رەزامەندیم نیشان دا، رۆیشت کتێبەکە بێنێ، پارەکەم پێی دا و بەشێنەیی چوومە دەرەوە.

هێشتا لە کتێبخانەکە دوورنەکەوتبوومەوە کە هەنگاوەکانم خێرا کرد و وەکو با رۆیشتم، گەیشتمە باڵەخانەکە، نەمتوانی چاوەڕێی ئەسانسۆرەکە بکەم، بەخێرایی بەسەر پەیژەکاندا سەرکەوتم و لەوە بوو هەست بە پەیژەکان نەکەم، چوومە ژوورەوە، وەکو بروسک چوومە سەر ئەو قەنەفەیەی کە حەزم لێیەتی، کتێبەکەم لەو کیسە قوماشە نایابە دەرهێنا کە لۆگۆی کتێبخانەکەی بەسەرەوە بوو، پاڵم بەو بالیفە نەرمەوە دا کە بەم دواییە کڕیبووم، کتێبەکەم کردەوە، دەستم کرد بە....

ئەی ئەی هێواش هێواش! چۆن ئەو سرووتە هەمیشەییەم لەبیر کرد کە بۆ خوێندنەوە هەمە؟! دەچێتە عەقڵەوە کوپێک ماکیاتۆ و سەبیلەکە و مۆسیقایەکی کلاسیکیم لەبیر بچێتەوە.! دووبارە تەماشای کاتژمێرەکە دەکەمەوە، ئەو کاتەی کە لەبەردەمم ماوە، بەشی ئەوە دەکات سرووتەکەم ئەنجام بدەم و بەشێکی باشی کتێبەکەش بخوێنمەوە، بەر لە هەموو شتێک کاری مۆسیقاکەم جێبەجێ کرد، سەبیلەکەشم ئامادە کرد، ئینجا بەرەو ئەو ئامێری قاوەدروستکردنە رۆیشتم کە دوای چەند مانگێک دەستگرتنەوە و پاشەکەوتکردنی پارە، کڕیم. دادگایی، لە نووسینی: کافکا. ئەم وشانەم خوێندنەوە و چوومە سەر لاپەڕەی یەکەم: پوختەیەک لە ژیانی نووسەر، کورتەیەک لە دۆزەخ. بۆ ناوەڕۆک!

زەنگی مۆبایلەکەم لێی دا. تەماشای شاشەکەیم کرد، وێنەی یەکێک لە هاوکارانم لەسەر شاشەکە دیت. با هەموو کۆمپانیا بچن بۆ جەهەننەم! لە شوێنی خۆم ناجووڵێم تا تۆزێک لەم رۆمانە وردنەبمەوە و نەخوێنمەوە، بیرم لەوە کردەوە مۆبایلەکەم بخەمە سەر "بێدەنگ"، خەریکبوو وابکەم و دەنگی مۆسیقای کورتەنامە لێی دا، تەماشام کرد، هەمان ئەو هاوکارەم بوو کە کەمێک پێشتر تەلەفۆنی کرد، پەنجەم بە نامەکەوە نا بۆ ئەوەی بیکەمەوە، ختوورەیەک بەدڵمدا هات، ئەو هاوکارەم عادەتی وا نییە ئەوەندە سووربێ لەسەر پەیوەندی پێوەکردنم، نامەکەم خوێندەوە: "دوێنێ سەرۆکی کۆمپانیا بەهۆی رووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کرد، تا کاتێکی تر کۆمپانیا دادەخرێ، لەم شەوەوە پرسە دادەنرێت".

"مرد!.." بەجۆرێک هاوارم کرد کە سێ دراوسێم بە شپرزەییەوە غاریاندایە ئەپارتمانەکەم، ئەوان هیچ کاتێک نایانەوێ ئەو ساتانە لەدەست بدەن کە من تیایدا تووشی تووڕەیی و دارمان دەبم و لەوانەیە ئەو هەڵسوکەوتە نامۆیانەی من بۆ ئەوان وەکو "سێرک"ێک بێت، ئەوان هەموو کاتێک تەماشای ئەو هەڵسوکەوتانەی من دەکەن، بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە ژیانی خۆیان چەندە رێکوپێکە و سوپاسی خوا دەکەن کە وەکو من جندۆکە دەستی لێ نەوەشاندوون. "نەفرەتیان لێ بێ..". لەبەر خۆمەوە وام گوت.

داوای لێبووردنیان لێ دەکەم بۆ ئەو "دەنگ و هاوارە نامۆیەم"، بە دەربڕینی ئەوان.

گەڕامەوە سەر پێخەفەکەم و بەسەرسامی چاوەڕێی رووداوەکانی ئەو رۆژەم کرد. تازە کەڵکی ئەوەی نەما بچمە سەر کار، کاتەکەش بایی ئەوە نەما بیقۆزمەوە، تۆزێک دامام، ئەوەم بەبیرهاتەوە کە لە نامەکەدا نووسرابوو: "لەم شەوەوە پرسە دادەنرێت..". ئەمشەو بچم بۆ پرسەکە یان بەیانی؟! ئەگەر ئەمڕۆ نەچم، لەوانەیە بڵێن لەبەرئەوە نەهاتووە کە پێشتر دەمەقاڵەی لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیا بووە، منیش ئەوەم بەدڵ نییە، بەتایبەتیش بەڕێوەبەری نوێ هەر کوڕەکەی خۆی یان بەلانی کەمەوە برازای بەڕێوەبەری کۆچکردوو دەبێ، سەرەڕای ئەوەی پێم ناخۆشە، بەڵام ئەمشەو دەچم.

هەوڵم دا بیرم رێکخەمەوە و فکرم بەرنامەڕێژ بکەمەوە، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و داخی ئەوەم خوارد کە ژیانم پڕبووە لەو رامانانەی جگە لە خەم و خەمگینی، چیتریان بۆ نەهێناوم، باوێشک هێرشی بۆ هێنام، رادەستی بووم، تەقەی دەرگا بەئاواز لێدرا، تەماشای کاتژمێرەکەم کرد، چارەگێکی مابوو بۆ سێ، بازێکم بۆ لای دەرگا دا، تەماشای ناو چاویم کرد، کچێکی گەنجی بەژن رێک و بۆنخۆش، بەشەرمێکی دەستکردەوە راوەستا، (لەتیفە)ی دراوسێمان بوو، ئامۆزای تەحسین کە بەم دواییە تەمەنی بووە نۆزدە ساڵ، ئێستا سەردانم دەکا و بە قسەی شیرین و پێکەنینی مانادار دەمدوێنێ، چەندە رووبەڕووی هەڵسوکەوتە هەرزەکارەکانی دەبمەوە، کە بەرامبەر من دەیانکات، ئەو قسەیەی باپیرم بیر دەکەوێتەوە: "منداڵی ئاخیر زەمان"، من بەزەییم بە لەتیفەدا دێتەوە، ئەو واتێگەیەنراوە کە تاکە ئامانجی ژیان هاوسەرگیرییە، بۆیە نایەوێ کاتی زیاتر بەفیڕۆ بدات!

لەسەر ئاوازی دەرگالێدانی راهاتووم، نایشارمەوە کە سەرنجراکێشە و چەند جارێک بیرم لێی کردووەتەوە، بەڵام من لەوەتەی "دیمە" جێیهێشتووم، لە ئافرەتان بەڕۆژوو بوومە، ئێستا هەر ئەوەم کەمە: دەبێ بەیادی ئازارە ئەبەدییەکەمەوە بتلێمەوە! تەقەی دەرگاکەی راوەستا و ئەمجارەیان تەقەی پێڵاوە پاژنەبڵندەکەی بەرزبووەوە کە بەبێ ئەو پێڵاوە ماڵەکەی خۆی جێناهێڵێ.

بەبێ مەبەست و بەخۆشییەوە لە دڵی خۆمدا گوتم: "دەبێ ئێستا رووکەشگەرایی و دووڕوویی و درۆ ئامادە بکەم بۆ دەربڕینی ئەو هەستە خەمگینانەی بۆ ژیانە گوێپێنەدراوەکەم هەمە، من نامەوێ کارەکەم لەدەست بدەم!". زانینی کات، ئەمجارە بووە نەسیبی کاتژمێرەکەی دەستم کە ئاماژەی بۆ سێی رێک دەکرد، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمڕۆ بۆ جاری دووەم، تووشی کێشە و گرفتە ئەبەدییەکەم بوومەوە: ئەو کاتەی ماومە چۆنی بەسەر ببەم؟!..

* **تێبینیی وەرگێر:** ژمارەی پیتەکانی زمانی عەرەبی (28) پیتن، کاراکتەری ئەم چیرۆکە سەرەتا پیتەکان بەمشێوەیە دابەش دەکاتە سەر شەش کۆمەڵە:-1 (ا ب ت ث ج)، -2 (ح خ د ذ ر)، -3 (ز س ش ص ض)، -4 (ط ظ ع غ ف)، -5 (ق ک ل م ن)، -6 (ه و ي). کاتێک جاری یەکەم زارەکە هەڵدەدا ژمارە پێنجی بۆ دەردەچێت، کەواتە دەکاتە ئەم پێنج پیتە: (ق ک ل م ن)، دووەم جار پیتەکان بەسەر پێنج ژمارەی زارەکە دابەش دەکات و واشی دادەنێت کە ئەگەر ژمارە شەش دەرچوو، زارەکە دووبارە هەڵدەداتەوە. بەڵام ژمارە دووی بۆ دەردەچێت کە ئەمەش بەپێی دابەشکارییەکە دەکاتە پیتی (ک).

**سەرچاوە:**
http://al-adab.com

